# خاکی ژێر پێتان ماچ دەکەم

حەمەسەعید حەسەن

هۆ دایکانی جگەرگۆشە ئەنفالکراو
کانیاوێ ڕێز،
مێرگێ سلاو،
دڵی ژاکاوتان ماچ دەکەم
جەرگی سووتاوتان ماچ دەکەم
هەنسک و سۆزتان ماچ دەکەم
دەستی پیرۆزتان ماچ دەکەم.

ئەگەر ئاسمان
ئەستێرەیەکی پێوەیە،
ئەوە چاوی
تاقانەیەکی ئێوەیە.

درەختێ بە پێوە مابێ
لە ئێوەوە
فێری خۆڕاگرتن بووە،
پەپوولەیە
بە تیشکی مۆمێ سووتابێ
لە ئێوەوە
فێری لە خۆ بوردن بووە.

هۆ دایکانی جگەرگۆشە ئەنفالکراو
کانیاوێ ڕێز،
مێرگێ سلاو،
بە قوربانی دار و بەردی ناو دێتان بم
بە قوربانی خاک و خۆڵی ژێر پێتان بم.

2003. 06. 26